# پارچەی شکاوەکانی دڵم

شەماڵ بارەوانی

بابەت: شیعر

نووسەر: شەمال بارەوانی

دیزایینی بەرگ و ناوەرۆک: پەراوگەی زانست - باقر یاسین

چـــاپ: ٢٠٢١

تیراژ: ٥٠٠

چاپخانە: کارۆ

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان**
**ژمارەی سپاردنی (١٩٠٤) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە**

# نیگایەک ...

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە یەکەم بەرهەمی شیعریم « مەملەکەتی ژن کوژان » ە دووەم بەرهەمی شیعریم « پارچە شکاوەکانی دڵم » ە کە دەکەوێتە بەر دیدەو دیدی خوێنەران ...

پارچە شکاوەکانی دڵم ، لە کۆمەڵێک شیعری دڵداری پێکدێت

تەنها شیعرێکیان نەبێت کە بۆ « شەنگال و ئێزیدییەکانم » هۆنیوەتەوە ...

جێی ئاماژەیە کە پێشتر سەرجەمیانم لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاوکردۆتەوە ، وەک : « گۆڤاری خازر، ڕۆژنامەی سیروان، ڕۆژنامەی هەولێر، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان،ڕۆژنامەی ڕەوت، ماڵپەڕی زاگرۆس پۆست، پۆڕتاڵی

ئاشـەڤان،ماڵپەڕی دەنگـەکان (dengekan). » پاشـان هەموویانـم لەژێـر ناونیشـانی « پارچـە شـکاوەکانی دڵم »دا لـەم ناميلكـە شـيعريەدا بـڵاو کـردەوە.

... سوپاسـی بـێ پایانـم هەیـە بـۆ ڕۆشـنگەر و بیرمەنـد و سیاسـەتمەداری کـورد زۆر بەڕێـز «مـەلا بەختیـار» ، هەروەهـا سوپاسـی « پەڕاوگـەی زانسـت » و بەڕێـز کاک «باقـرِ یاسـین» دەکـەم کـە ئەرکـی تایـپ و دیزایینـی بەرهەمەکەیـان کێشـا .....

# کۆماری فیراق

لەدوای تۆ

خەریکی نووسینەوەی ئینشای بێ تاقەتیم

خەریکی

تەرجەمەی کسپەی نیگەرانیەکانم

و

ئیمزای داخستنی دۆسیەی یادوەریەکانم

ئیتر دەچمەوە

سەر هاڕەی هۆرژنەکانم

ئاڵۆدە بوون بەهەنسک

دەکەم بە ناسنامەی شیعرەکانم

و

کتێبی قیژەشکاوەکانی عەزابم

چاپ دەکەم

دەڕۆمەوە

لەحزەی ماخولیان

و

فۆنەتیکی

ئەمەل لەبەرۆکی جەستەی

خۆزگەکانم ڕادەماڵم

ئێوارەی خەمگینیم

هەڕاج دەکەم

و

تەماشای ڕستەکانم

پڕ دەکەم

**لەنۆتەی چۆڵەوانی**

**بوخچەیەک خەم**

**دەخەمە کۆڵ قەڵەمەکەم**

**و**

**ملی سەفەری سەرئێشە**

**دەرگرمەبەر**

**دەبم بەگەڕیدەیەکی**

**بێ ناز**

**و**

**ئاوێتەی خۆڵەمێشی عەدەمیەت**

**دەبم**

**وێردی نائومێدی دەخوێنم**

**حەکایەتە تاڵەکانی**

**لاپەڕەی ژیانم دەکوژێنمەوە**

و

هەموو دێڕەکانی ڕابردووم

دەسڕمەوە

جانتای پڕمەی پێکەنینەکانم

دەڕژێنم

و

خورپەی لەزەتە مازۆخیەکانی جۆگرافیای

حەزم دەپێچمەوە

خۆم لەدەلاقەی چاوەڕوانی

و

لە خەڵتانی خەندە

تەجرید دەکەم

چاوی عاتیفەم

لەگریان دەشۆمەوە

و

نیشتمانی زام

جێ دێڵم

دەڕۆمەوە بۆ کۆماری فیراق

دەڕۆمەوە ناو ئەلبومی سەرگەردانی

دەڕۆمەوە

بۆ سەر لەهجەی بێ دەنگی

و

وەرزی سکوت لەبەردەکەم

ماندووبووم

سەرخەوی ئەبەدی دەشکێنم

وچان لەئەوین دەدەم

لەحزوری دابڕان

ئەنوشتێمەوە

و

چرای غوربەت دادەگیرسێنم

ئیتر

زێدی تەنیاییم

ئاوەدان دەکەمەوە

ئەرشیفی ئیشقێکی شکست خواردو

بە فاتیحای فەنابووم دەسپێرم
و
پارچەشکاوەکانی دڵم

دەکەم بە ملوانکەی

ئاوابوون

چیتر

ڕەشنووسی سەراب کامڵ بوو

و

کاتی پێگەیشتنی فەسلی هەڵوەرینە

کاتی درویَنەی خەم

و

ڕنینەوەی

هێشووی ئازارە

ئیتر

فرمێسکی حوزن تنۆک تنۆک

دەڕژێنمەناو ئینجانەی خەونەکانم

و

دەست دەکەم

بەموتاڵای ئینجیلی حەسرەت

ئەوە جەنگی دۆڕانە هاوڕێ

کە

تووڕەبوونم

بۆنی زریانێکی سەرشێتانەی

لێ دێت

ئاخر من

بێزاربووم

هێندەی ڕۆحم

بە ئاوی حوزن بشێلم

و

پێکی ئازار بنۆشم

بێزاربووم

بێزار

* ئەو شیعرە لەڕێکەوتی: ١٦ ئاب/ ی٢٠٢١،لەڕۆژنامەی ئەلکترۆنی(ڕێگای کوردستان)دابەزی

# تەرمی خەمەکانم

دێمەوەو

جانتەیەک ماچت بۆدێنم

گوڵی شادی

لە ئینجانەی تەمەن دەڕوێنم

دێمەوە

ئەزموونی عەشق یاداشت دەکەم

هەموو عاشقانی وڵات پاداشت دەکەم

دێمەوەو

مل لە ڕێدەدەم

بەرگی غوربەت فڕێ دەدەم

دێمەوە

تاڵی تەنیایی ئۆغردەکەم

ئاوی چۆمی نیشتمان فڕدەکەم

دێمەوەو

هەموو شتێک لەنیگای تۆوە دەناسم

تەرمی خەمەکانم

لە قەنارەی هەناسەکانت هەڵدەواسم

دێمەوەو

مێژووی ناکۆکییەکانمان دەسڕینەوە

خەندە دەکەین بە شوێنگرەوەی ئەسرینەوە

دێمەوە

لەخەوی دبڕان هەڵدەستین

نوێژی ئامێز دەبەستین

دێمەوەو

میحرابی عیشق

بە نزای ڕۆح تەڕ دەکەین

موناجاتی ئاوێتەبوون لەبەردەکەین

دێمەوە

دانووستانی ئەوین خۆشدەکەین

ئاگری ڕق خامۆش دەکەین

دێمەوەو

مۆمی پەیمان لە ژوانگەی عەشق هەڵدەکەین

هەموو کێشەکان لەڕێگەی ماچ حەڵدەکەین



*ئەو شیعرە لە : ١٠ / ٨ / ٢٠٢١ لەماڵپەڕی(دەنگەکان)
بڵاوبووەوە

# تونێڵی تەنیایی

کەی دێیت
دەیجورەکانی دەروونم
بکوژێنیتەوە
و
سەبەتەی حەزم پڕکەیت لەماچ

کەی دێیت
کراسی ئامێزم
بۆ بدووریت
و
بەپەنجەی سۆزت
ئاگری چاوەڕوانیم خامۆش کەیت

**کەی دێیت**

**گۆپاڵی ناز**

**بە پشتی چەماوەم**

**ببەخشیت**

**و**

**فرۆشگەی تەمەنم**

**لێوان لێو کەیت**

**لە نوقڵی ژیان**

**کەی دێیت**

**قومێک هەناسەم بدەیتێ**

**و**

**بازنگی بەختەوەری**

**بخەیتە مەچەکی خەونەکانم**

**کەی دێیت**

**پاڵتۆی هەستت**

له سەرتەنافی عاتفەم
هەڵخەیت
و
شەقامی نیگام
سیخناخ کەیت لەدیدار

کەی دێیت
پارچەشکاوەکانی دڵم
کۆبکەیتەوە
و
تونێڵی تەنیاییم
ئاودان کەیتەوە

کەی دێیت
قژی شیعرەکانم
بهۆنیتەوە
و
بیابانی قەسیدەم

**بەبارانی میهرەبانیت**

**تەڕکەیت**

**چۆڵەوانیم لەبەر داکەنیت**

**و**

**وەرزی ئاوەدانیم لەبەرکەیت**

***ئەو شیعرە لە : ٤ / ٨ / ٢٠٢١ ، لەماڵپەڕی دەنگەکان(dengekan)دابەزی**

# مـۆری مـەرگ

لەوەتەی هـەمە

زمانی مەسحەفاڕەشم کوردی و تێرمی دێڕەکانم کورمانجە

نەوەی میتراییم و خۆشەویستیم ئامانجە

لەوەتەی هـەمە

مۆری مەرگ و لێدانی خەنەجەر

بەشی ڕۆڵەکانمانە

لەوەتەی هـەمە

سمبولی هێمنیم و ئاشتی عینوانمە

نیشتەنی زامی قوڵم

ئاوارەیی و ئازار،مەنفاو نیشتمانە
لەوەتەی هەمە
مێژووم ئەتکە
دەچەوسێندرێمەوەو
ژیانم قەنارەو پەتکە
لەوەتەی هەمە
قوربانیم بە دەستی نەیارو چەتە
ناسنامەم زام و حەسرەتە
لەوەتەی هەمە
سەرەنێزەی بێگانە خوێنمی ڕشتووە
لەژێر قامچی ستەم دامەو
نیشتمانم خۆڵەمێشی لێ نیشتووە
لەوەتەی هەمە
سیپاشێخ خدرو گرعوزێر و کۆچۆ ناونیشانمە
شمشێری داگیرکەر لەسەر شانمە
لەوەتەی هەمەو

لەبیرم دێ

شنگالم دایمە زامدارە

لالشی نورانیم لە نزاو شین و هاوارە

لەوەتەی هەمە

دەستم بەرەو ئاسمان و ڕووگەم ڕووناکی و

ڕووم لەتیشکی خۆرە

کەچی هەر فەرمان دەکرێم و چۆمی دیجلە بەخوێنم سورە

لەوەتەی هەمە

پۆشاکی ماتەمینی وخەفەت لەبەرمە

تیری تاریک بینان گەرووم دەبڕێت و هەڕەشە لەسەرمە

لەوەتەی هەمە

ئەدرەسم مرۆڤ بوون و باڵندەی تاوسە

زگی مێژووم بەئەشک و فەرمان ئاوسە

لەوەتەی هەمە

هەر ڕۆژەو دەکەومە بەر پەلامارو زەبرێ

فەرمانێک بەرۆکم دەگرێ

لەوەتەی هەمە

بەشم هەر ئازارو خـەمە

کۆچ و فرمێسک ناسنامـەمە



*ئەو شیعرە لە : ٣ / ٨ / ٢٠٢١ لەپۆڕتاڵی
ashavan(ئاشەڤان)دابەزی ، وە لە ڕێکەوتی : ٦ / ٢ / ٢٠٢١ لە
ژمارە (١٨١)ی گۆڤاری خازر بلاوبۆوە ، هەروەها لە ٤ ئابی ٢٠٢١
لە ماڵپەری ( ڕێگای کوردستان ) دابەزی

# ماچی ماڵئاوایی

بۆچی وازوو
قافیەی شیعرمت
بەدڵشکاوی جێ هێشت
و
مۆمی
ئینجانەی بەختمت
کوژاندەوە

بەرلەوەی
هێشووە ترێی تەماشام
پێبگات

بیابانی ڕوانینمت

پڕکرد لەزەخرەفەی چۆڵەوانی

دڵۆپەی شەکەتیت

خستە

درزی تەمەنم

و

وەرزی هەنگاوەکانمت

لەناو پیاسەی

حەسرەت ناشت

نەدەبوو

خانەقای ئشتیام

خاڵی کەیتەوە

لەتەجەلای بوونت

و

جامی نزام
به فیراق بشکێنیت

نەدەبوو
بەرماڵی ژوانم
ڕادەستی سوچی بێ نازی
بکەیت
و
خەڵوەتی چاوەڕوانیم
بە بەردی سەراب
لەت لەت کەیت

نەدەبوو
ماچی ماڵئاوایی
لەسەر ترۆپکی
بیرەوەریەکانم

جێ بێڵێت

و

شەپۆلی مۆسیقای حوزن

لەناو چریکەی سترانی خۆشبەختیم

داگیرسێنێت

نەدەبوو

زمانی سپێدەی قەسیدەم

بە مەدلولی تاریکی وەڕسکەیت

و

ملوانکەی نێرڤانا

لەگەردنی

بودای ئەمەلم داماڵێت

نەدەبوو

سەبەتەی خەونەکانم

پڕکەیت لە خەمی هەرزەکارانە

و

شکان لەباڵی چۆڵەکەی

هەستم بڕوێنیت

شەمعەدانی ویساڵ

بەخۆڵەمێش کەیت

و

لێزمەی پاییز

بەردەیتە

مەوسمی ڕۆحم

نەدەبوو

لەچرکەکانی تاڵی ڕەهام

کەیت و

بە بە لەزەتترین

## عەزابم بسپێریت

نەدەبوو هەرگیز
لۆغزی دەرگای ئومێدم
کڵۆم دەیت
و
چاوی حەرفەکانم
بە هەنسک
بپێچیتەوە



*ئەو شیعرە لەژمارە(١٨٩)ی گۆڤار خازر لەڕێکەوتی : ١ / ٨ / ٢٠٢١ بڵاو بووەوە

# ئینجانەی بەختم

هەموو سپێدەیەک
من و تەنیایی
بەدەم پیاسەی بێزارییەوە
شەقامی خەم تەی دەکەین

هەموو نیوەڕۆژێک
لەسەر ڕێگەی چاوەڕوانی
ئەلبوومی بیرەوەرییەکان هەڵدەدەینەوە

هەموو ئێوارەیەک
سەردەکەینە مەیخانەی ئازار و

**جامێک مەستی دەنۆشین**

**هەموو شەوێک**

**لەسەر دۆشەگی نیگەرانی**

**گوێ بۆ ئاوازی دابڕان هەڵدەخەین**

**کەی دەگەڕێیتەوەو**

**لەئینجانەی بەختم بڕوێیت**

**ئاوێتەی ترپەی هەناسەکانم بیت و**

**لەئامێزی حەزەکانمدا بتوێیتەوە**

**لەبێ تۆییدا**

**مـن لە**

**بەهارێکی ڕەنگ زەردو**

**گۆرانییەکی غەمگین**

**لە**

**جەستەیەکی مۆمیاکراو**

**لەچۆمێکی وشکبوو دەچم**

**لەدووری تۆ**

**لە پاڵەوانێکی شکستخواردوو**

**ئیمپڕاتۆرێکی ڕووخاو**

**لە**

**داستانێکی تراژیدیک و**

**لە چامەیەکی بێ شیعر دەکەم**

**لەنەوەتەیەک دەچم**

**زمان**

**جوگرافیا**

**مێژوو**

**کلتوور و**

**هەموو شتێکی دزرابێ**

***ئەو شیعرە لە : ١ / ٨/ ٢٠٢١ لەماڵپەڕی دەنگەکان (dengekam)بڵاو بووەوە**

# یەسنای سۆز

وەرە

لە تەکیەی دەروونم

دەفی مەحەبەت بژەنە

و

کۆڕی خەیاڵم

لێوان لێوکە لە زیکری دیدارت

وەرە

خاڵیم کەرەوە لەهەرتەقەی تەنیایی

و

حەلاجی ناخم پڕکە لە ویساڵ

**وەرە سەر بخەرە سەر**

**مەچەکی هەناسەکانم**

**و**

**گوێ بنێ بە ترپەی دڵی خەمەکانم**

**وەرە**

**دیواری فرمێسکەکانم**

**مەساج کە**

**و**

**قاچی ئازارەکانم بشێلە**

**وەرە**

**ئاوێتەی مەرەکەبی مەراقم بە**

**و**

**لە ئامێزی دەفتەری ڕۆحم بتوێوە**

**وەرە**

**لەناو پێخەفی خەونەکانم**

**پاڵکەرەوە**

و

چەرچەفی چاوەڕوانیم

لە پەنجەرەی دووریت بئاڵێنە

وەرە

حەوشەی بێ نازیم

بە بارانی نیگات

تەڕکە

و

یەسنای سۆزت

لەسەر تای تامەزرۆییم بخوێنە

*ئەو شیعرە لەڕێکەوتی: ٢٧ / ٧ / ٢٠٢١ لەڕۆژنامەی ئەلکترۆنی (ڕێگای کوردستان)بلاو بووەوە

# باڵندەی ئومێد

زوو وەرە
بەر لەوەی دڵی قەسیدەم لە لێدان بکەوێت و
حەکایەتی دڵداریمان بەنیوەناچڵی یاداشت بکرێت

بەر لەوەی
جگەرەی تاڵی داگیرسێنم و
قاوەی خەم بخۆمەوە

بەرلەوەی
پاساری هۆنراوەم لە فڕین بکەوێت و
نەغمەی شیعرم لەگەرووی ئیلهاما بخنکێت

بەر لەوەی

باڵندەی ئومێدم کۆچ بکات و

کۆرپەی خەونەکانم لەبار بچێت

زوو وەرەوە

بەر لەوەی ڕوو گرژی شەوەزەنگ

بزەی تریفەی مانگەشەوم بتۆرێنێت

بەرلەوەی

پرشنگی هەتاوی بەختم بکوژێتەوەو

سەمفۆنیای ئێوارەی غەمگینیم دەست پێبکات

بەرلەوەی

کەمانچەی هەستم لەژەنین بکەوێت و

فتیلی ئازار لەهەیوانی تەنیاییمدا بکەوێتەکار

بەرلەوەی

لقی درەختی شادمانیم بشکێت و

گوپکەی چرۆی هیوام بژاکێت

زوو وەرەوە

بەرلەوەی

گاسنی خەم زەوی دەروونم بکێڵێت و

چۆمی چاوەڕوانیم وشککا

بەرلەوەی

هەڵۆی دڵ تەنگی

لەسەر ترۆپکی پێکەنینم بنیشێتەوەو

ڕەشەبای بێزاری شەقامی ڕۆحم داپۆشێت

بەر لەوەی

هێشووی بیناییم هەلوەرێ و

چاوی خامەم کوێر بێ

بەرلەوەی
قافیەی شیعرم بشکێ و
دێڕەکانم بەبێ نازی سەر بنێنەوە

بەرلەوەی
هەناری مەراقم ڕەنگی پیری بگرێ و
کەلوە بەفری لوتکەی تەمەنم بتوێتەوە

بەرلەوەی
هەنگی ڕۆژگار
شیلەی جەستەی وشەکانم بمژێ و
بزەی لێوی تابلۆی خۆشەویستیمان بکوژێتەوە

بەر لەوەی
باخی خۆزگەم
بە دڕکی قەدەر تەڵبەند بکرێت و
کراسی عیشقم لەخاچی پەشیمانی بدرێت

**بەرلەوەی**

**چەقۆی غەدر**

**پێکەنینەکانم تاپۆی دڵ ڕەقی زەمەن بکات و**

**باڵی پەپوولەی گۆرانیەکانم هەڵوەرێ**

**بەرلەوەی**

**پەنجەی ناسۆر**

**هێلانەی سۆزم بداتە بەر قامچی ڕمان و**

**ئاسمانی حەزم بگرێ**

**زوو وەرەوە زوو**

**بەرلەوەی**

**چرای چاوەڕوانیم خامۆش بێ و**

**پێنووسەکەم ماتەمدارو ڕەشپۆش بێ**

***ئەو شیعرە لەڕێکەوتی : ٢٥ / ٧ / ٢٠٢١ ، لەماڵپەڕی(زاگرۆس پۆست)دابەزی**

# شەپۆلی حوزن

دەبوایە زوو بێیتەوە

بەرلەوەی

گۆچانی پیری

لە سوچی تەمەنم

چرۆ بکات

و

دڕکی نائومێدی

لەسەر دیواری چاوەڕوانیم

بڕوێت

بەرلەوەی

باخچەی خەونەکانم

پڕبێت لەهەڵوەرین

و

سوتماکی خەم

لەناو تابلۆی خەونەکانم

داگیرسێت

بەرلەوەی

مەلی حەزم

بەرەو ئاوابوون

ببزوێت

و

چاوی موناجاتم

هێشووی

**کوێری لێ بڕوێت**

**بەرلەوەی**

**قامەتی قەڵەمم**

**قەمبوور بێ**

**و**

**ترپەی دڵی ڕێنووسی**

**ڕستەکانم لەلێدان بکەوێت**

**بەرلەوەی**

**کۆرپەی حەرفەکانم**

**بە بێ نازی سەربنێنەوە**

**و**

**ئەژنۆی قافیەی شیعرم بشکێت**

**بەرلەوەی**

شەپۆلی حوزن بگات

بەدەروازەی دەروونم

و

تەمی تاریکی

پەنجەرەی ڕوانینم

داپۆشێت

بەرلەوەی

تەڵەسپییەکانی

قژی هۆنراوەم

پێ بگەن

و

مەجازی وشەکانم

کاڵبێتەوە

بەرلەوەی

کۆتری بەختم

لەفڕین بکەوێت

و

کاتژمێری ئاواتەکانم

بکوژێتەوە



*ئەو شیعرە لە : ٣٠ / ٧ / ٢٠٢١ ، لەسایتی (dengekan )
دابەزی

# دڕکی حوزن

پێم دەڵێن
بۆچی پەرێزی هۆنراوەکانت
سەراپا دڕکی حوزنیان لێ ڕواوە
و
قەڵەمی حەزت
سیخناخە لەمرەکەبی ڕەشبینی
بۆچی
شیعرەکانت وەرزی پاییزیان پۆشیوە
و
دێڕەکانت نەزیفن بەفرمێسک
بۆچی

هەردەم کێڵگەیەکی تەژی لەحەسرەتی

و

شەتڵی بێزاری دەنووسیتەوە

بۆچی

گریانت کردووە بە ملوانکەی

خۆزگەکانت

و

هێندە هاوەڵی تەنیاییت

بۆچی

شەقامی وشەکانت

بیابانی لێ هەڵدەستێ

و

گیرفانی ڕستەکانت

پڕن لەچۆڵەوانی

بۆچی

چۆڵەکەی نیگات

هێندە کزوماتە

و

ئاسمانی خەونەکانت

بێ بارانی داپۆشیوە

پێم دەڵێن

هێشتا سەر لەبەیانی تەمەنتەو

دەستت داوەتە گۆچانی پیری

هێشتا

وشەکانت زمانیان نەگرتووە

و

لەئەشق دڵشکاو

لەژیان زویری

کەس لێم ناپرسێت

کە من بۆچی هێندە خەفەتبار و مەئیوسم

ئایە بۆ عەشقێکی مەحاڵ دەنووسم؟

*ئەو شیعرە لەڕێکەوتی: ١٩ /٧/ ٢٠٢١ ،لەڕۆژنامەی ئەلکترۆنی (ڕێگای کوردستان) دابەزی

# ئینجانەی خەونەکانم

وەرە چیتر با لەدووریت

دڵی ئینجانەی خەونەکانم

درز نەبات

و

شوشەی ڕۆحم هاڕەنەکات

وەرە

پەرتی قژی هۆنراوەکانم کۆکەرەوە

و

ڕەگی قەتماغەی فرمێسکەکانم هەڵکەنە

وەرە

هەوری حوزن

لە ئاسمانی دیدەم ڕابماڵە

و

پاڵتۆی شەکەتی

لەدامێنی هەناسەکانم

دابکەنە

وەرە جانتایەک

دڵخۆشی بێنە

لەبنمیچی نیگەرانییەکانم

ببەستە

و

دڵۆپ دڵۆپ ئارامیت

بڕژێنە ناو پەرداخی عەزابم

وەرە

سەرابی

تەمەنم بێ دەنگ کەو

و

گۆپاڵی بێ تاقەتیم

سیخناخ کە لەهیوا

وەرە

قردێلەی ئستاتیکا

بدە لە بەرۆکی وشەکانم

و

بێ نازی شەقامی حەزم

بکوژێنەوە

وەرە

پەنجەی نوسینم

خاڵی کەوە لەعەبەسیەت

و

گۆزەی ڕستەکانم

پڕکە لە ئەنەرژی

**وەرە**

**هیلاکی دیواری دەروونم لابەرە**

**و**

**تۆزی سەر پەنجەرەی**

**چاوەڕوانیم**

**بسڕەوە**

**وەرە**

**حەوشەی ئازارەکانم**

**لێوان لێوکە**

**لە بزە**

**و**

**پەردەی گریانم بدڕێنە**

**وەرە**

**تابلۆی مەراقم تەژیکە لەئیرۆتیک**

**و**

ماچی ویساڵ

لەسەر ترۆپکی تەنیاییم داگیرسێنە

وەرە

ئیفلاس بە خەمەکانم بکەو

و

لەکۆچەی بێزاری دەرم بێنە

وەرە

زەمهەریری

جەستەی دێڕەکانم

خاوکەرەوە

و

لەئامێزی خۆزگەکانت

بمرووێنە

*ئەو شیعرەم لە : ٢٧ / ٦ / ٢٠٢١، لەماڵپەڕی(dengekan) دابەزی

# بیابانی ڕۆح

وەرزی خەزان دەستی پێکرد
و
پاییز جلی بەهارەی
لەبەر شیعرەکانم داکەنی

ئینجانەی وشەکانم
شەقار شەقار داگەڕا
و
هەڵۆی هەڵوەرین
لەسەر لوتکەی گوڵی خەونەکانم
نیشتەوە

کەتۆ ڕۆیشتی

تەمی ئازار

ئاسمانی خۆزگەکانمی داگرت

و

جادەی چاوەکانم

کوێری لێ ڕوا

زمانی قەڵەمم لاڵ بوو

و

درەختی تەمەنم

هێشووی پیری گرت

کەتۆ ڕۆیشتی

کەس نەما

لاوانەوەم بۆ بڕێسێ

و

کۆرپەی گریانم

ژیرکاتەوە

کەس نەما
حەوشەی فرمێسکم
گەسک دات
و
کۆتری تامەزرۆییم
بۆ هێلانەی ئامێزی باتەوە

کەس نەما
بیابانی ڕۆحم
پڕکات لە نەمامی ئاوەدانی
و
لەتەنیایی خاڵیم کاتەوە

*ئەو شیعرە لە : ٩ / ٧ / ٢٠٢١ ، لەماڵپەڕی دەنگەکان (dengekan)دابەزی

# پێکی نیگەرانی

لە دووری تۆ
لەناخمدا تەنیایی فوارەیکردووە
و
مەرگ خەریکە باڵی خەندەکانم
دەقرتێنێ

چ نەهلیستێکی دڵ ڕەقە
مەملەکەتی قەڵەمەکەمی
مەحکوم کردووە بە هێڵنج

چ شەوەزەنگێکی بێ بەزەییە
یەخەی ڕستەکانم بەرنادات

وەرە

ئاوی لێڵی چاوەڕوانی

لەجۆگەڵەی شپرزەیی ڕوانینم

لابەرە

و

پێکی نیگەرانیم پڕکە

لەمەستی

وەرە

کافکای هەناوم

لە عەبەسیەت

دابماڵە

چرای ناسۆریەکانم

بکوژێنەرەوە

و

فیراقم لە چۆڵەوانی بتەکێنە

وەرە

تەرمی حەسرەتەکانم

لەخاچ بدە

و

دەخیلەی ئشتیام پڕ کە

لەوردە پێکەنین

وەرە

گۆڕەوی گریان

لەپێی دێڕەکانم دابکەنە

و

ئارشیفی یادەوەرییەکانم

لە برین پاککەرەوە

زەوی حەرفەکانم

به بارانی بزە ئاودە

و

کێڵگەی شیعرم

سیخناخ کە لە ئاوەدانی

وەرە

گۆزەیەک ئۆقرەم

بدەرێ

و

لێوی قەسیدەم

بە ماچی ئارامی

تەڕکە

وەرە

فەرمودەی خۆشەویستی

موتوربەی

ماسولکەکانی خەیاڵم کە

و

کوندە پەپووی ژان

لەسەر تەنافی شعورم

فڕێدە

وەرە

لوغزی بێزاریم ئیعراب کە

و

تەفسیرێک

بۆ لەهجەی بێ تاقەتیم بدۆزەرەوە

وەرە

بیابان

لە پەیژەکانی هەناسەم

ڕابماڵە

و

پێچەتاریکەکانی کۆڵانەی ڕۆحم

خاڵی کەرەوە لەسەراب

من

لەمێژە میوەی زەمەنم پێگەشتووە

وەرە هێشوەکانی حوزنم بڕنەوە

نامەوێ چیتر

چڵەگیای بەختم

بچێتەوە سەر پاییزی هیچ حیکایەتێک

و

هەڵوەرین هێمام بێ

نامەوێ

چیتر لەنەسلی

هیلاکی بم

و

گریان بمدورێتەوە

نامەوێ

ئیتر

دۆستی ئازاربم

و

هەموو وەرزی ساڵم

گوڵەگەنمی فرمێسک بێ



*ئەوشیعرە لەژمارە (٣٨٦٨) ی ڕۆژنامەی هەولێر لەڕێکەوتی :
١٩ / ٤ / ٢٠٢١ بڵاوبووەوە

# قاوەی عەشق

لەچاوەڕوانی تۆ

لۆچی پیری

لەسەرتابلۆی تەمەنم

ڕوا

و

پشتی ئاواتم چەمایەوە

قەسیدەم

گۆچانی حەسرەتی گرتە دەست

و

سۆمای خەونەکانم کوژایەوە

لەچاوەڕوانی تۆ

پەرێزی ڕۆحم

بوو بە خۆڵەمێش

و

پەرداخی مەستیم

پڕبوو لەفیراق

لەچاوەڕوانی تۆ

کەس نییە

کەوچکێک ماچ

و

کولێرەیەکی خۆشەویستیم

بداتێ

کەس نییە

قاوەی عەشقم

بۆ بگرێتەوە

و

لانکی مەراقم

ڕاژەنێ

کەس نییە

ببێتە مۆسیقای حەرفەکانم

و

دەستی خەیاڵم پڕکات لەئیلهام

کەس نییە

تنوێتی شیعرم بشکێنێت

و

چاوی خامەم تەڕکات

کەسێ نییە

سوراحی گریانم لێوان لێوکات

**لە خەندە**

**و**

**کراسی پێکەنینم**

**لەبەرکات**

***ئەوشیعرە لەژمارە (٣٤٨٨)ی ( رۆژنامەی هەولێر )**

**لەرێکەوتی٢٠٢١/٦/٢٣ دابەزی**

# پەڕەسێلکەی شەوی تەنیایی

دەترسم لەدووریت
گۆرانییەکانم
پڕبن لەدڵ شکان
و
زمانی حەرفەکانم
هێشووە ترێی لاڵی بگرێت

دەترسم
گڵۆپی چاوەڕوانیم بکوژێتەوە
و
شکان لەباڵی چۆڵەکەی شیعرم بڕوێت
دەترسم
پەڕەسێلکەی شەوی تەنیاییم

بگەڕێتەوە

و

قەڵەمی مەراقم

مان بگرێت

دەترسم

کەمانچەی دڵم

بێ ناز بکەوێت

و

کەس نەبێ

هۆنراوەکانم بژەنێت

کەس نەبێت

فوو لە ئاگری تامەزرۆییم

بکات

و

مۆمی خەڵوەت لەمیحرابی ڕۆحم

داگیرسێنێت

*ئەوشیعرە لەژمارە(٣٤٨٨)ی ڕۆژنامەی هەولێر لەڕێکەوتی: ٢٣ / ٦ / ٢٠٢١ ،دابەزی

# پارچە شکاوەکانی دڵم

تاکەی مانشێتی چاوەڕوانیم
پڕبێت
لە وێردی فرمێسک
و
دڕکی ئازار لەکێڵگەی
تەنیاییم بڕوێنم

تاکەی
ئاسمانی دیدەم
هێشووی
کوێری لێ بڕوێت
و
هەوری

بێزاری بدوێنم

تاکەی
یەئسەکانم
لەئینجانەی دووریت
مۆمیاکەم
و
لەیاداشتی خەونەکانم
کفری فیراق پچێنم

گەر تۆ نەیەیتەوە
لەو سەرابستانە
کێ
قوپچەی کراسی بەختم بکاتەوە

کێ
هەگبەی شەوانی
عیشقم
تژی کات
لەجریوەی ستران

و

کێ ئاوڕ لە
جامی خەمە ڕژاوەکانم
بداتەوە

گەرتۆ نەیەیتەوە
کێ
دەستی
سۆزی بەسەر
باڵی بێ نازیم دابێنێت
و
کێ پەڕداخی حەزم
لە ژەهری نیگەرانی
خاڵی دەکاتەوە

تۆنەیەیتەوە
چۆڵەکەی
ماچەکانم
بۆ

ترۆپکی کامە لێو
بفڕێت

کێ
تەرمی زامەکانم بنێژێت
و
تابووتی حوزنم
بە شەپۆلی خەندەکانی
ئاوەدان کاتەوە

تۆ نەیەیت
کێ ئۆرکێسترای
هۆنراوەکانم
لێوان لێوکات
لە مۆسیقای میهر
و
کێ خۆڵەمێشی
حەسرەتەکانم
خامۆش کاتەوە

تۆنەیەیتەوە
کێ ئیقاعی گەڵای پێکەنین
موتوربەی درەختی گریانم
بکات
و

کێ پارچەشکاوەکانی
دڵم کۆبکاتەوە

کێ لێ نەگەڕێت
چیتر
لەفەنەری
نامۆبوون
بتوێمەوە
و
کامە نیشتمان
کۆتری غوربەتم
بۆ هێڵانەی ئامێزی بباتەوە

*ئەو شیعرە لەژمارە ٦١ ی ڕۆژنامەی(سیروان) دابەزی

# مانیفێستی خۆزگەکانم

لەوانەیە تاتۆ بێیتەوە
تەلاری شیعرم بڕمێ
و
ئینجانەی بەختم
دڕکی فرمێسکی لێ بڕوێ

لەوانەیە
پێکی مەستیم پڕ بێت لەئازار
و
چاوی ئاوێنەی عەشقمان کزبێ

لەوانەیە

**زمانی قەسیدەم لاڵ بێ**
**و**
**ئاوێنەی مەراقم بشکێ**

**لەوانەیە**
**کۆتری بیناییم**
**لەسەر هێلانەی چاوەڕوانی**
**بەبێ نازی سەربنێتەوە**
**و**
**دڵی چۆڵەکەی خەندەم**
**لەلێدان بکەوێت**

**لەوانەیە**
**ئەلبوومی ئومێدم**
**خووی ماخولیان بیگرێ**
**و**
**پەنجەی تابلۆم**
**هەڵبوەرێ**

**لەوانەیە**

جادەی ڕۆحم
شەلاڵی چۆڵەوانی بێ
و
کۆڵانەی حەزم
وشک هەڵگەڕێ

لەوانەیە
چاوی قەڵەمم
کوێر بێ
و
درەختی هۆنراوەم
هێشووی خەم بگرێ

لەوانە مانیفێستی
خۆزگەکانم ون بێ
و
کەشتی خەونەکانم
کون بێ

(ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ژمارە ١٤ی ساڵی ٢٠٢١ بڵاوبۆتەوە.)